# ئەم خوێنە ڕژاوەی دوێنێ!




سووڕێن ئیبراهیم

یادداشتێک سەبارەت بە فیلمی 'پرزدێنت'[1]

**پێشکەشە بە هەر منداڵێکی کورد، کە لە شریخە و هاڕژنی تۆپ و ناپاڵمی فاشیزم ڕادەچڵەکێ.**

وەک مەڕ سەریانم بڕی؛ یەکرا ملیانم لە وێنەی پەتێک هەڵپڕووچکاند. لە گۆڕەپانی جەنگدا سەر و ناوسکی سەربازەکان ئامێتەی خۆڵەکە بوون؛ تەنانەت سمی ئەسپەکەشم لەنێو شۆلاوەی خوێن شڵپەی دەهات.

**سەنحاریب- پاشای ئاشووریی**

بەڵێ، لە بن ئەم ئاسمانە کۆنەدا هیچ شتێ تازە نییە! ڤیدۆیەکی ڕاپەڕین هەیە، خەڵکان دڵخۆشن، پێ دەکەنن، هەڵدەپەڕن، دەست بۆ کامێرا ڕادەتەکێنن، بەیەکدا دێن، نازانن چی بکەن! نازانن چی لەو ئازادییە بکەن، پاشان خەونەکان تێک دەشکێن، دەگۆڕێن بۆ شەوە و خەوزڕی پەرت و پۆخڵ.

والتەر بنیامین دەیوت: "لە پشت هەر فاشیزمێکەوە شۆڕشێکی شکستخواردوو هەیە." شۆڕش و ڕاپەڕین تەنیا ڕۆژی یەکەمی خۆشە، دواتر ئێمە نازانین چی لەو ئازادییە بکەین، وەک تۆپەڵێک گڕ و پەنگڕ ئەمدەستەودەستی پێ دەکەین تا دەکوژێتەوە. لە دیمەنی کۆتایی فیلمەکەدا خەڵک نازانن چی لە سەرکۆمار بکەن، چون خەونێکی گشتگیر و ڕوونیان نییە، دیمەنەکە، نیشاندەری ئاژاوەیەکی کۆمەڵایەتیی و زهنیی و ئایدۆلۆژییە. هەموو هێز و پتەوییەک لەنێو خۆیدا دژەکەی خۆی، موخۆرکەی خۆی، هەڵگرتووە، تا بەهێز و پتەو بێ، زیاتر ئەگەری شکان و تڵیشان و هەڵوەشاندنەوەی هەیە. **بە دووکەڵ و هەبا دەبێ ئەوەی پتەو و بەستووە!** پەندە کوردییەکەش یەژێ: پەت لە ئەستوورایيدا دەپچڕێ. بەڵام ئیمڕۆکە ئەم چەمکە مارکسییە هەڵگەڕاوەتەوە، توندوتیژیی کۆتایی نایە، بە دووکەڵ نابێ، بەڵکوو کاسگۆڕکێ دەکات بۆ توندوتیژیی تر.

چۆمکسی لە دیدارێکدا دەڵێ: "لە هەرکوێ دەسەڵاتێکی تاکەکەسیی هەبوو و هەڕەمیی بوو، ناتوانین پاساو بۆ بوونی بێنینەوە، کە نەشمانتوانی، خاسترێکە هەڵیبوەشێنینەوە." ڕاستە، بەڵام چۆن دڵنیا بین هەر ئەو شۆڕشەی کۆمەڵانی خەڵک ناگۆڕێ بۆ دەسەڵاتێکی تاکەکەسیی تر. شاری خەونەکان لە وێنانەوە تا ئێستا، لەبەردەم ئاڵەنگارییەکی گەورەدایە بۆ شکستهێنان.

لێرەدا دیسان چۆمسکی دەڵێ: خەڵک ڕێگەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە پێ نازانن، تا ئەو ئاستە ژێر نین، دنیایەک بدۆزنەوە و بە ئامان و زامان لە هۆڵی پاراستنیدا بن.

ئەم فیلمە لاتاو بە کۆمەڵ دەکات، خەڵک، تا کۆتایی ڕاپەڕینەکەیان یەک وشە دووپات دەکەنەوە: "بڕوخێ دیکتاتۆر"، پاشان خۆشیان هەر ڕۆژی دواتر دەبنە دیکتاتۆر، چون هەمیشە ئیدیاڵەکان، خەونەکان، پاش نەختێ لە نیشتنەوەی خۆشییەکان، گەنیون، فەرهەنگ و ئایدۆلۆژیاکان گورج پیر دەبن و دەگەنێن، ڕووخانی هەر دیکتاتۆرێتێک وەک هەڵدانەوەی سندووقەکەی پاندۆرا، وەک زێرابی ناخودئاگا و نەست، هەڵدانەوەی سەری زێراب و سندووقەکەیە، کە چی نەخۆشیی و دەرد و کینە هەیە، سەر دەکات و هەوا دەتەنێ. ئەوکاتەی دیکتاتۆر بەنێو وڵاتە لەدەستچووەکەیدا دەگەڕێ، ڕاستییەکەی بەنێو ناخودئاگای خۆیدا دەگەڕێ، نەوەکەشی وەک دەنگی ویژدان و ئاگایی، هەمیشە ڕووبەڕووی پرسیاری سەیری دەکاتەوە. لە گرتەیەکدا منداڵەکە گوو دەکات، کاتێ هێزی لە خۆی

بڕیوە، پرسیاری مردن و دەسەڵات و گەردوون و... لە سەرکۆماری باپیری دەکات، بەڵێ، دەسەڵات پیسە. تێکڕای هەوڵ و کاری ئۆجەلان بۆ تواندنەوەی ئەو شتەیە وا پێی دەڵێن دەسەڵاتی خەڵکێک بەسەر خەڵکێکی تردا. 'تواندنەوەی هێز و دەسەڵات لەنێو **کۆمەڵانی خەڵک**دا.

ڕۆژی پاش کەوتنی دیکتاتۆر، هەر گەڕەک و زاڵگە و ماڵێک، پڕ دەبێ لە وردەدیکتاتۆری توندوتیژ، توندوتیژیی دابەش دەبێ، گەر ماکیاڤێلییانە ڕامێنین، ئەوا دەبینین لەبری یەک دیکتاتۆری تاکڕەو، وردەدیکتاتۆری تاکڕەو و توندڕۆ دەزێن. لە کۆتایی فیلمەکەدا یەکێ لە ڕاپەڕیوان شتێک دەڵێ کە هەمان دۆخی دەسەبەشکردنی ئابووریی و دەسەڵات و هێز دەنوێنێتەوە، ئەو دەڵێت، وەرن با ئەم سەرۆکە کەوتووە کەلەپاچە و لەتوکوت بکەین و بیدەینە دەسەڵاتدارە نوێیەکان، بەم چەشنە هەریەکێکمان بڕێکمان لەو پارەیە پێ دەبڕێ، کە بۆ گرتنی تەرخان کراوە.

دۆخی ئەم فیلمە هەمان دۆخی سرووشتییە وا هۆبز ئاماژەی پێ دەکات، دۆخی ملەجەڕە و شانەخڕێی بێکۆتا بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. لێرەدا چەمکی **دۆخی سرووشتیی** هۆبز هەمان چەمکی **گێژاو**ی ئۆجەلانە.

پاش سۆڤێت و نازییەت و فاشییەت چیدی فیلم ئەو بەرخۆرە نییە کە هەمیشە دەبێ لامژیی لە ڕۆمان و ئەفسانەکان بکا، بەڵکوو بوونێکیی سەربەخۆی هەیە. لە کۆتایی فیلمەکانی سەردەمی نازییەت و فاشییەت و سۆڤێتدا، هەمیشە سەربازێک یان پاڵەوانێک دەچووە سەر گردێک و ئاڵاکەیانی دەشەکاندەوە، فیلمێکی وەک چێ گیڤاراش لەم ڕوانگەیە بەدەر نییە، بەڵام لەم فیلمەدا واقع شتێکی ترە، واقع هەمان واتای نێو ئەدەبییاتی سۆڤێتیی نییە کە شۆڕشگێڕان لە کۆتاییدا سەر دەکەون، بەڵکوو ئەوانەی کە پاش سەرکۆمار و سەربازەکانی دێن، نە پاکترن، نە جوانتر، نە خاوەنبەرنامە و هتد... واقع لێرەدا '**واقعی هونەریی**'یە، کۆندێرا واتەنی تێکڕای واقع تەنراوە بە ئەگەر...

لە سەردەمی وێناندا مرۆڤ دەگاتە پلەی پاڵەوان و پاشان خواوەند، بەڵام لەم شۆڕشەدا هیچ پاڵەوانێک نایەت، دەی لەم سەدەی دیموکراسیی و بەرابەرییەدا! نە پاڵەوانێک هەیە، نە ڕزگاریدەرێک، پاڵەوان کۆتایی هاتووە، پاڵەوان لەنێو چەمکی '**کۆمەڵانی خەڵک.**'دا تواوەتەوە.

کەواتە: لێرەدا ئەوی تری گەورە و سیستەم و ئایدۆلۆژیا و دیکتاتۆرییەت، شتێکی دەرهەست و بینراو نییە، دەکرێ لەنێو هەمووماندا پەپکەی خواردبێ، وەک سلاڤۆی ژیژەک دەڵێ: "هەر مرۆڤێک سیستەمێکی ڕامیاریی دەنوێنێتەوە." بەڵێ، هێز لە گشت جێیەکە، مرۆڤ تاوانی داهێنانەکانی خۆی، چەکەکانی خۆی، زانستی خۆی، ئەو شتانەی بە پشتهەڵکردن لە سرووشت، زانست و تەکنەلۆژیایەکی کوێر و زۆڵی لێ ساز کردووە، دەدات. هەموو ئەمانە لە خۆی ئالاون. جۆن ملتۆن وتویەتی: "هزر

دەتوانێ وا لە لە دۆزەخ بکات ببێتە بەهەشت و بەهەشتیش بە دۆزەخ." کتێبە پیرۆزەکانیش وا دەڵێن، تۆ گیرۆدەی شەیتان و فریشتەکەی ناوەوەی خۆتی، *"تۆ خاچی مارتێئالاوی."* بەڵێ، مرۆڤ لە خوێنی خۆیدا چەقیوە. دنیای مۆدێرن و پێدراو و داهێنانەکانی وەک هەژگێک لێی ئالاون و نەک بوونی کۆمەڵایەتیی، بەڵکوو دەکرێ کۆنەست و بیروباوەڕ و جەستەی مرۆڤیش دابڕنن و بە ویستی خۆیان دایبهێننەوە. *"من بۆ خۆم دزراوم و هەر خۆیشم دزەکەم."*[٢]

لە ئەفسانە و ئوستوورەی ئیرانیی و کوردییدا دێوێک هەیە پێی دەڵێن **'ئاز'**، ئاز گشت شتێ هەڵدەلووشێ، درەخت و ماڵ و خاک و سەگ و ژن و ئاو و... گەر هیچ نەمایەوە بیخوات، ئەوا دواجار خۆی دەخوات. ئەم دۆخە فیتاوفیت بەسەر سەرکۆماری نێو ئەم فیلمەدا دەچەسپێ، سەرۆکی نێو ئەم فیلمە لەو دۆخەدایە وا لە کوردەوارییدا پێی دەڵێن: کابرا سەری خۆی خوارد.

هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بینەر ئاگادار دەکرێتەوە کە ڕووداوەکان لە وڵاتێکی نەناس و نەزانراو ڕوو دەدەن، ڕەمز و هێما زۆر لە نواندنەوەی نامە و پەڕەمووچی پاشا کۆنەکان دەچن، تا کەس تێیان نەگات، لوول دەکران، لوولکردن دۆخێکی ڕەمزیی دەگرێتە خۆ، تا نەمناسنەوە، نەزانن چ دەڵێم. تەکنیکی سینەمایی زۆر یاریدەی دەرهێنەری ئەم فیلمەی داوە تا ئێمە ئەم فیلمە نەبەستینەوە بە ئایدۆلۆژیا یان سیستەمێکی دیارییکراوەوە، ئەمەش هەراس لە هەموو سیستەمێکی ڕامیاریی و ئایدۆلۆژیی و فەرهەنگیی هەڵدەگرێ، شامانێ ئەم فیلمە ڕووی لە هەموانە، کەسی لێ هەڵنەبواردووە، هەروەتر کەسێتییە سەرەکییەکانی نێو ئەم فیلمە ناوێکی بەرجەستە و دیارییکراویان نییە، دۆخێکی ئیدیاڵین بۆ هەموو کەس و دیکتاتۆر و وڵاتێک. دەرهێنەر خۆی لە دیمانەیەکدا دەڵێ: بێلایەنیی گەمژایەتییە، کاتێ خەڵک دەچەوسێنەوە، کارێکی گەمژانەیە بە گوتاری بێلایەنیی خۆم بخافڵێنم و خۆم بکەمە کەرەی شەربەت! بەڵێ من لایەنگری چەوساوانم، وەک دەرزیی هەڵچەقاندنێکیش بۆ وڵاتەکەی خۆی- ئێران، جارێکی تر دەڵێ: لە زمانی فارسیشدا پرزدێنت وەک تێکرای زمانەیلی تر، واتای سەرۆک دەدا. هەروەها پاش کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، پاش هونەری جیهانیی، پاش سۆشیال میدیا، پەنگخواردنەوەی واتایی فیلم لە پنتێکی بەرتەسکی جیهاندا، کارێکی بێواتایە، دیسان کامێرا و تەکنیکی تازەی سینەمایی و کەشوهەوایی ساردیی گورجستان، یارمەتییەکی فرەی ستافەکەی داوە، تا وێنای ئەو توندوتیژیی کوشتوبڕ و تەپەسەردان و چڕووساندنەوەیە بکەن وا لە فیلمەکەدا هەیە، ئەمە کەسێتیی **ئەسەد ئۆکتای**مان بیر دێنێتەوە لە فیلمی **چواردەی تەمووز**. ئەمە ناچارمان دەکات بگەڕێینەوە بۆ فۆرمالیستەکان: 'فۆرمالیستەکان دەیانوت: لە هەرکوێ فۆرمێک هەبوو، ناوەڕۆکێکیش دەرسکێنێ، بەم چەشنە فۆرم ناوەڕۆک ڕەنگرێژ

دەکات." لەمڕۆدا پاش ئەو هەموو تەکنیکە پێشکەوتووەی سینەما چیدی دەسەڵاتی فۆرم و گرتە و فێڵە سینەماییەکان شتێک نین نەتوانن ناوەڕۆک بۆ بینەر گەڵاڵە نەکەن.

سەرکۆمار لە سوبێکتێکی هەمووشتزان و خودان دەسەڵاتێکی ڕەهاوە دادەکەوێ بۆ بنی بنەوەی ئەو دۆزەخەی وا خۆی سازاندوویەتی، گەشتی سەرکۆمار بەنێو کردەوەکانی خۆیدا، زۆر لە گەشتی پاڵەوانی ئەفسانە کۆنەکانی وێنان دەچێ. واقع لەرزیوە و هەموو ئاسۆ و خەونەکانیش دڕدۆنگ و لێڵن. ئەوەی پێی وتراوە **'هەقیقەتی درۆیینە'** تێکشکاوە، ئەو بنهۆشەی خەڵکی لە ڕێی میدیا و پەروەردە و فیکرەوە پێ وەڕاست گەڕێنراوە، داڕووخاوە. سەرەتای فیلمەکە بە پەخشێک و فەرمانێکی پادشایی دەست پێ دەکات، مۆسیقایەک، هێمن و درۆزن، ئێمە پاشان مۆسیقای خەڵکە ڕەشۆکەکە دەبینین کە زیاتر فۆلکلۆرن، لەم ڕوانگەوە فیلمەکە گەرەکێتی جیاوازیی چینایەتیی نێو ئەم وڵاتە تۆخ نیشان بداتەوە، پاشان لەمە دەدوێم.

کەواتە خەڵک دەترسێن. چون خوداکەیان مردووە، هەڵهاتووە یان ون بووە! کۆتایی فیلمەکە خەڵک نازانن پاشا/باوک، بکوژن، یانەکوو تەوتەمەکەی بپەرستن، دۆخێک کە بۆ زۆربەی سیاسییە مردووەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ڕووی دا، کوشتمانن و ئێستا سەما بۆ تەوتەمەکەیان دەکەین. سەت و چەند ساڵ زیاتر پێش ئێستا 'گۆستاف لۆبۆن وتبووی: "خەڵک، تۆپەڵێکن لە هەستوسۆز." چۆن ئەو خرۆشانە کۆمەڵایەتیی و دەروونییەی نێو مێژوو 'ڕکێف' دەکرێ؟! دیسانەوە ئەو پرسیارە دێ، خەڵک بکەرێکی کۆمەڵایەتیین یان دیسانەوە توندوتیژیی پێچکە و مامانی گۆڕانکارییە؟ گۆڕانکاریی بۆ چی؟ بەرەو کوێ؟ یا چەمکی پرۆلیتەری هۆشیار و ڕۆشنبیر لە گرامشیی بخوازینەوە و لە کۆمەڵانی خەڵکی هۆشیار و ئاگا بدوێین. ئەم فیلمە نائومێدە. وەختی خۆی کانت وتبووی دنیا تا دێ بچووک دەبێتەوە، بە چەشنێ هەموو شتەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێ، ئەم دەستەواژەیە ئیمڕۆکە زۆر وەڕاست گەڕاوە، پاش شکستی ئیمپڕاتۆرە دینیی و پاشایی و تەسکبینە داخراوەکانی نێو مێژوو و چەرخی تەکنەلۆژیای زانیاریی و ئابووریی تەکنەلۆژیی و سیستەمیی بانکیی و پارەی وەهمیی نێو هەژماری کارتەکان، هەموو کێشەکانی جیهان لە جێیەکی بچکۆلە خڕ دەبنەوە و مۆڵ دەخۆن: سووریا! لۆ و گرێ و چین دەبەستن و کاریگەریی لەسەر سەرپاکی پنتەکانی دنیا جێ دەهێڵن. لێرەدایە کە چەمکی کۆمەڵانی خەڵک و تاکی زیتەڵ و پرۆلیتەری هۆشیار هەڵدەوەشێنەوە، چونکە یەکێ لە پێدراوەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی ئەوەیە کە دەستە چەورەکەی خۆی بە هەمووانا دەسڕێ، هەمووان دەستیان لە کاسەکەدایە. نە کەس هێندە پاکە و نە کەسیش هێندە پۆخڵ!

سەروەختی بەعس، کادرە فیکرییەکانی بەعس لە ئۆردوگای زۆرەملێی سموود کۆبوونەوە بە گەڕەکێک دەکەن، ئەوان لە هەوای لافلێدان و فەلسەفەلێدانی خۆیاندان، شێتێک سات ناساتێ هەڵدەستێتەوە و دەڵێ: "باشە ئەنفالەکانتان چی لێ کرد؟" هەمووان، خەڵک و کادرەکان، گەرەکیانە بێدەنگی بکەن، خەڵک لە ترسی گیانیان، کادرەکانیش لە ترسی ویژدانیان، دەی، قسە یا لە شێت یا لە منداڵ، نەوەکەی سەرۆک، وەک بنهۆش و ویژدانی زامار و ڕاچڵەکاوی سەرکۆمار، هەمیشە بە قسە و پرسیارەکانی ئامادەییەکی زیندوو و ڕەخنەگرانە و برێجاریش کۆمیدیی و لاتەنیشتیی و پاڵەکیی هەیە. هەمووان دەزانن پاشا ڕووتە، بەڵام...

دەشێ ئەم فیلمە فیلمێکیش بێ زۆر ماکیاڤڵیانە، لەمەڕ گرنگی دامودەزگا و دەستوور، بۆ بەرگرتن لە ئارەزوو و ڕەمەکە ئاژەڵییەکانی مرۆڤ، چون لە تەوراتەوە فێر دەبین، گەر لیویاتانێک نەبێ، دەوڵەتیش نابێ. هونەری سیاسەت (هێز)، دەتوانێ هەموو شتێک دابێنێتەوە. قیامەت، بریتییە لە هەرۆژانی دامودەزگا.

بەڵام لەوەتەی پێکهاتەی جیهانیی کەوتە بندەستی پیاو و سیستەمی دەسەڵاتخوازیی و پیاوسالاریی ئاوا کرد، هەر لەو کاتەوە ئیتر باوک و کوڕ، هەر لە ئەفسانە وێنانییەکەوە تا نوکە، لە پەیوەندییەکی دژواز و پڕ گرێ و سۆزەکیی و خوێناوڵدا بوون، جارێ کوڕ کودەتای بەسەر باوکدا کردووە و لەسەر کورسیی خۆی پاوەجێ کردووە: (ئۆدیپ)، جارێکیش باوک کوڕی کوشتووە: (شانامەی کوردیی- ڕۆستەم و زۆراب و بەیتی سەیدەوان، ئەم داستانانە بنهۆشی کۆمەڵایەتیی مێژوویی ئێمەن، هەبوونی ئێمە لەسەر کوشتنی کوڕە لاوە پڕ خرۆشەکە بە دەستی باوکەکە چێ بووە: تراژیدیای نەتەوەیی کورد!)، جارێکی تریش ئەم پێکهاتە دژواز و پڕ ململانێیە لێک ترازاوە و کڵاشەی کردووە بۆ قوربانییدانی باوک و کوڕ بۆ یەکتری. ئەم فیلمە باسی دواڕۆژەکانی سەرکۆمارێکی پیر دەکات، کە گەرەکێتی بە هەر نرخێک بووە کوڕەزاکەی بخاتە سەر تەختی جێنشینیی، سەرکۆمار دەیەوێ لە خوێنی کوڕەزاکەیەوە سەرەتاتکێ بکات، ئەو هەموو تێکۆشانەی سەرکۆماری پیر بۆ پاراستنی کوڕەکەی، ئارەزوو و مەیلی نەمریی و نەپچڕانی ڕەگەمای دەسەڵاتی خێزانیی و باوانێتی. بەڵام ئاو بە جۆگەیا نایەت و با هەمان بای کۆک نییە وا بە هەوەسی ئەم دەیگڤاند. دەکۆشێ ئەو کورسییەی لە باوانەوە بۆی ماوەتەوە بداتە دەست کوڕەزاکەی، (هاوخوێنەکەی)، بەڵام ئاو لە شوێنبێڵی نایە. ئەم فیلمە فیلمێکە لەمەڕ: ئەڤین، یادەوەریی، جەنگ، سووڕانەوەی بازنەیی مێژوو، ئەم فیلمە پێمان دەڵێ مێژووی گشتیی خەڵک هەرگیز ناگۆڕێ. تا سیستەمی دەسەڵاتخوازیی پیاوسالارییش هەبێ، مێژووی گشتیی هەمیشە فیلمێکی تڕۆی هەزاربارەیە، لە خشتنووسێکدا و کاتی پێکهاتنی دەوڵەتی سۆمەریی، ئینانای خواوەندی دایک بە گلەییەوە دەڵێت، سەت و چوار خشتی

داهێناوە کە ئینکی خواوەندی باوک بە فرتوفێڵ و تەڵەکە لێی دزیوە. ئەم ململانێیە پێش هەر شت ململانێیەکی زهنیی و باوەڕییە. ئەم لادانە مێژووییەی پیاو تا ئێستا درێژەی هەیە، (لە کوشتنی قابیلەوە پیاو هەم گۆشتخۆریی و ڕم و تیر و نێزە دەدۆزێتەوە، هەمیش دەسەڵاتی ئابووریی و فەرهەنگیی و ئایینیی و تەڵەکە). گەر لە قۆناغی سەرەتای دەسەڵاتی پیاوسالارییدا شامانێک ڕەوایەتیی بە کردەوەکانی پیاو دەدا، ئەوا ئیمڕۆ میدیا، بانکەکان، ڕۆشنبیران و کۆمەڵی مەدەنیی و سینەما و زۆر شتی تر...

ئێمە هەرگیز ناتوانین لەو کۆنەستە کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی و زهنیی و ڕامیارییەی مێژوو بۆی ڕەنگڕێژ کردووین، هەڵبێین.

بەڵێ، سەرەتا تاوان هەبوو...

گەر قۆناغی یەکەم پیاو ژنسالاریی کۆتایی پێ هێنا و دەسەڵاتی خۆی پاوەجێ کرد، پاشان بەپێی ئۆدیپ شەڕیان لەسەر جەستەی کرد و ئۆجەلان واتەنی جەستەیان پارچەپارچە کرد و فرۆشتیان، ئەوا ئێستا ژن بە هیچ چەشنێ پاش ئەو دوو قۆناغە (لەدەسەڵات داماڵین و پاشان کوشتن)، لەسەر شانۆکە نەماوە و ئەمجارە پیاوسالاریی لە شەڕێکی خەستوخۆڵدایە لێل خۆی... وەختی خۆی کانت باسیی **کۆتایی زەوی** کردبوو، چارلز فۆرییەش **کۆتایی مرۆڤ**، چەمکی کۆتایی مرۆڤ پاش کۆتایی مێژوو و کۆتایی جوگرافیا چیدی لە گریمانە و و تیۆرەوە دەبێ بە ڕاستیی، چونکە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی هەر ئەو منداڵە زۆڵەیە وا تەکنەلۆژیایەکی کوێری وەک وازیچە لە دەستە و بەپێی ئارەزوو و ئاڵۆش و ڕەمەکەکانی دین و دنیا دادەهێنێتەوە. هیچ کاتێ دیمەنی زەوی بەم هەموو تۆڕە ئاڵسکاوە زانستیی و تەکنەلۆژیی و چەکداریی و ئۆردۆگا سیخوڕییەوە، وەک دۆزەخی نەنواندووە. چیدی دیکتاتۆرەکان پێویستییان بەوە نییە بە خواوەندێک یان ئەستوورەیەکی کۆن خۆیان و کردارەکانیان پاساو بدەن، وەک پۆڵ ڕیکۆر و میرچیا ئەلیادە لێی ترساون، ئیمڕۆ تەکنەلۆژیا ڕێگەکەی ئاسان کردووە، یوڤاڵی نوح هەراری وتەنی، هیچ شتێ وەک تەکنەلۆژیا نابێتە کوتەکی دەست دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ئایندە! ئەفلاتۆن لە کۆماردا لە باسی دادپەروەرییدا نموونەی ئەنگوستیلەیەکی جادوویی دێنێتەوە کە بتوانێ مرۆڤ بشارێتەوە، مەبەستی ئەو چەمکی دادپەروەرییە لای ئەو دەسەڵاتدارانەی وا خاوەنی ئەو شتانەن، ئیمڕۆکە بەو تەکنەلۆژیا بێسنوورەی دەست دەوڵەتانەوە، چۆن بتوانین لە دادپەروەریی و یەکسانیی نێو دڵی مرۆڤان دڵنیا بین.

ژنەکانی نێو ئەم فیلمە یان سۆزانیین، یان لارەمل و پێمل و کزۆڵ. ئەم فیلمە فیلمێکە سەبارەت بە بێدەسەڵاتی ژن، شۆڕشی پیاوەکان بۆ خوایەتیی. خوایەک دەپلیشێتەوە و لەو بەرزی بەرزانەوە

تەختەقاپی چەقڵای دەبێتە ژوور، خوایەکی دی هەڵدەکشێ و هەڵدەکشێ، تا وەک بورجەکەی بابل چی دی نەپەنی دەبێ، پاشان زرم، وەک بێژی دریژکوولەیی و دەسەڵاتی زۆری پاشا (خوا) دێتەوە تا بەسەر ئێمەدا بهەڕۆژێ، لەوێ زمانەکان بڵاوپژ دەبنەوە و تاکزمانیی نامێنێ، لێرە دیکتاتۆرییەت دەسەبەش و بڵاو دەبێتەوە، پنتاوپنت...

لەم ڕەهەندەوە وەک بینەری ئەم فیلمە هەڵوەستەی شتێکم کرد، کاتێ پیاوسالاریی بیچم دەگرێ، یەکەم دیاردەی دەسەڵاتخوازیی پیاوسالاریی سیستەمی چینایەتیی و خانووبەرە باڵاخانە و کشتوکاڵ و بەڕێوەبردنی چینایەتییش لەگەڵی دادەمەزرێ، ئەمساڵ دوو پەیامی ئۆجەلانمان دیت، ئەو دەڵێ، بۆ ڕزگاریی و تەریزگرتن لە دەسەڵاتخوازیی ئاغاواتی مۆدێرن و دزەماڵگرەکان، دەبێ ژنان ئازاد بکەین، لە پەیامی دووەمیش دەڵێ ڕێم بدەن پێش هەر شتێ کەسێتیی کورد درووست بکەمەوە. ئەوەی دەشێ لەم فیلمە بۆ دۆخی مەرگەساتباری کوردی هەڵگۆزین، ئەوەیە بۆ ئەوەی دیسان ڕاپەڕین و شۆڕش و ژیانی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و ئابووریی و ڕامیارییمان لەنێو گێژاوێکی تردا زیندەبەچاڵ نەکەین، دەبێ دوو کار بکەین: یەکەم: لە زهنییەت و کەسێتیی خۆماندا ژن ئازاد بکەین، دووەمیش، کەسێتیی شێواو و کرێگرتەیی سواخدراو بە ڕەنگوبۆی نەتەوەیی و ماڵباتگەرایی کورد شیی بکەینەوە...

هەندێ کەس بە بەهانەی لایەنیی واقعیی و بانگەشەکاریی فیلمەکە لە بەهای فیلمەکەیان کەم کردۆتەوە، بەڵام هەموو دەزانین لە بن توێ و توێژاڵی هزری ئەو ڕەخنەگرانەدا چی نوستووە و بە چی تیماری ئەو برینەی ناوی پێملبوونە بە دیکتاتۆرییەت دەکەن، ئەی مەگەر گۆبلز نەیدەوت درۆ بکە درۆ بکە درۆ بکە، تا بڕوات پێ دەکەن، لەمڕۆدا وای لێ هاتووە، ڕاستی بنوێنەرەوە، بیڵێ، زۆر بیڵێ، واقع بنوێنەرەوە، تا ڕاستیی دەبێتەوە بە ڕاستیی و بڕوا بەو خوێنە ڕژاوە دەکەن، سەرەتای هەموو کردەیەکی شۆڕشگێڕانەی ڕامیاریی و فەرهەنگیش، تێگەشتن و بینینی ئەو توندوتیژیی و بندەستیی و نادادییەیە کە هەیە. پرسێکی تری نێو ئەم فیلمەش، ئەم پرسەیە.

ئەم فیلمە بە پێچەوانەی فیلمەکانی تری مەخمەڵبافەوە، کەسێتییەکانی لەدەست دەردێکی دەروونیی وەزاڵە نەهاتوون، بەڵکوو سیاسەت ژیانی لێ تەنگ و تاریک کردوون.

جارێکیان پشیلەی نێو کارتۆن لە ترسی سەگ، دەرگەی گاڵە دا و کڵۆمی دا، کلیلەکەشی قووت دا، ئیتر گیری خوارد، ئاوایە مرۆڤیش/پاشای نێو ئەم فیلمە، (مرۆڤ وەک هەڵگری هێز و زانایی و ماخۆی زەوی)، هەموو ڕێگەکانی گەڕانەوەی داخستووە، پێی لەنێو خوێنێکە، هەرچۆن بگەڕێتەوە، بە شوێنپێی خویناوڵی خۆیدا دەگەڕێتەوە. بەپێی فیلمی **سامۆێل**، گەلیی جوو داوای پاشا لە

پێغەمبەرەکەیان دەکەن، (بەپێی فیلمەکە نابێ گەلی جوو جگە لە خوای تاکوتەنیا هیچ پاشا و فەرمانڕەوایەکیان هەبێ.) ئەویش پێیان دەڵێ خودا سرووشی بۆ ناردووم، دەڵێ باشە، با پاشا هەڵبژێرن، بەڵام هەر ئەو پاشا دەبێتە موخۆرکە و مڵەی گیانتان. ڕەگئاژۆترین کێشەی نێو ئەفسانە و دیین و حکومەتە دەرەبەگیی و دیکتاتۆریی و دیموکراتییەکانش هەمان کێشە بووە. هەڵبژاردنی ڕابەرێک...

 بە قەولی نووسەری پەرتووکی فەلسەفە و سینەما 'دنیلشا'، هونەری ڕاستەقینە گەشە بە هۆشیاریی چینایەتیی دەدات، ئەم قسەیە ئیمرۆ شکستی هێناوە، چونکە ئیمرۆ لەوانەیە هونەر و سینەما نەک هۆشیاریی چینایەتیی نەباتە پێش، بەڵکوو هۆشیاری ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و چینایەتیی پەرت و پاوان بکات.

هەرچۆن تێی هەڵڕوانی ئەم فیلمە فیلمێکە لەمەڕ تۆڵە! بۆ ئێمەی کوردی باشووری کوردستانیش کە ئەمڕۆکەش منداڵێکی تری خێڵپارتی بارزانییەکان بۆ جاری چەندەم دەبنە فەرمانڕەوای کوردستان، ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیر، ئۆجەلان وتەنی، ئەوەیە کە: "نەبینە کۆیلە لای گلگامێش و ئەسکەندەرە نوێیەکان." چونکە **'دزی ماڵگر'** پێش هەر شت ئاکار و بونیادیی کەسێتییمان بەپێی خۆی دادەڕێژێتەوە.

هەموو دیکتاتۆرێک کاتێ خەریکە هەڵەوژوور و سەرەولێژ دەبێتەوە و گلۆڵەی دەکەوێتە لێژیی، گەرەکێتی بگەڕێتەوە بۆ لوتکەی لێژگەکە، بۆ ئەو ڕۆژانەی هێشتان شۆڕشگێڕێک بوو، 'کاغەزی سپی هەڵبداتەوە.' بیرمانە قەزافیی ڕۆژانی کۆتایی گەڕایەوە بۆ 'بەنی وەلید'، سەدامیش بۆ 'تکریت'.

کۆتا دیمەنی فیلمەکە: سەرکۆمار و نەوەکەی لە نزیک ئاوێکن، وەک هێمای کۆڵنەدانێکی گلگامشییانە بۆ نەمریی و گەڕانەوە بۆ سەرەتا و دەستپێکردنەوە، بەپێی سۆمەرییەکان سەرەتا ئاو هەبوو. ئاو سەرەتا بوو. دەیانەوێ بیستووتێنن، ئاگر! (شەیتانمان لە ئاگر ئافراند.)

لە کۆتاییدا خەڵک دەیانگرن، خەڵک دیسان دوودڵ و چاش دەمێنن چیان لێ بکەن؟ ئایا لە سێداری بدین یان ڕێی بدەین "سەما بۆ دیموکراسیی بکات." بیرمانە سەروەختی گرتنی سەدام حسەین هەمان کێشمەکێشیی فیکریی لەنێوەندی فەرهەنگیی و چاپەمەنیی باشووری کوردستاندا درووست بوو. ئایا وەک خۆی ڕەفتاری لەگەڵ بکەین یان ڕێ بدەین بژی. دیموکراسیی!

چاپتەری *شەوی حیسابی* ڕۆمانی **'شاری مۆسیقارە سپییەکان'** گۆڤانێکی هەم مێژوویی و هونەریی و هەم دەروونیی و کۆمەڵناسانەیە لەمەڕ تاکی کوردی پاش بەعس و ئەو کێشمەکێشە فیکرییە.

بەڵام نەفرەت و تۆڵە شتێکن هەمیشە ئەو گەڕانەوە و ڕاستکردنەوانەیان تێک داوە، ئەم فیلمە دەکرێ فیلمێکیش بێ لەمەڕ نەفرەت و تۆڵە، ئۆجەلان وتەنی: نەفرەت شتێکە نامرێ، لە هەقی خۆی خاوەندار دەمێنێ. **"بۆ کوێ هەڵدێی لەدەست نەفرەت و تۆڵە و کینە؟!"** ئۆجەلان لەمەڕ تۆڵە و نەفرەتی ڕۆژهەڵاتیی لە بەرگریینامەکانییدا هەڵسەنگاندنێکی وای کردووە، کە دڵی گشت دیکتاتۆرێ دەلەرزێنێ، چەمکی قیامەتی نێو ئیسلام هەمان شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکە، وەک قیامەتی فیرعەونەکان و ڕۆمەکان و قورەیشییەکان.

ئەو شۆڕشی کوردستان وەک قیامەتێک دەبینی دژی دزەماڵگر و مرۆڤەخوا نوێیەکان.

قیامەتی زۆرداران!

١. ئەم فیلمەم ژێرنووس کردووە و لە پێگەی کوردیی **'کورد سینەما'** بەردەستە. ئەم نووسینە تەنیا هەندێ وردەتێبینیی بوون، کاتێ ئەم فیلمەم ژێرنووس دەکرد، لام گەڵاڵە بوون.

٢. دوو دێڕەشیعری دیوانی خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێکی شاعیری گەورەی گەلەکەمان، مامۆستا شێرکۆ بێکەس.